# سیحرێکی شیرین..

ڕێباز مەحمود –هۆڵەندا
rebazmahmud@hotmail.com



چەند تەجەللا بەخشە
پشت لە چەنەبازی سەردەمەکان و
ڕوو بە دەنگ و ئاوازی تۆ
گوێ قوڵاخم!
ئەم هەموو وشکە کەڵەکەی ناو هەرێزی من
کە لە پەنایانەوە
بۆ ئایندەم دەڕوانی و
کە دەمێک بوو ڕوخابوون بە سەر نەشئەی باخمدا
بە چی هەستانەوە سەر پێ
چۆن وا خۆیان ڕێکخستەوە و
قنج و قیت دانیشتوون ؟
موعجیزەیەک لێرەوە ڕادەبورێ
وا دیارە سیحرێکی شیرین تەشریف دەبات
دڵم خۆی کۆ کردۆتەوە لە گەڵیا سەر ڕێ بکەوێ
ئەمە هەموو ئەو ساڵانەمن
بەخشیمن بە ئومێدێکی چاوکەژاڵ و
وەک هەندێ سنوقە فیشەکی دوای جەنگەکان
بە بەتاڵی دەیانبینمەوە
))ماڵی قەڵبن و .. سەر بە ساحێبی خۆیان(( !
ئەمە هەموو ئەو هەنیسکانەی
شەوگارم پێ لە خەو ڕادەچڵەکاند
ئەستێرەم پێ دەخستنە جریوە جریو
تاریکیم لەگەڵ دڵگەرمی خۆمدا
پێ دەهێنایە مقۆ مقۆ
کەچی کەسێک سەر خۆی نەهێنا

کەسێک جوڵەیەکی بۆ نەکرد و
چاوێکی لە حەنای تەنهایمدا هەڵنەگلۆفت!
ئەمەتان
هەمویانم
لە هەناسەکانما کۆ کردۆتەوە..
چیتر لەم وەرزە قاقڕانەدا
خێوەتی قەرەجیانەی ڕۆح هەڵنادەم
بەم درەنگە
هیچ لادێیەکی دورەدەست
لە بیرەوەریش ئاوەدان ناکەمەوە..
لێم سوورە چیتر بەند نابم ،
یان خۆم بە هەیبەتی خورپەیەکەوە هەڵدەواسم
کە لە دڵی خۆمەوە تێدەپەڕێ ،
یان سواری ئەو ئوتومبێلە دەبم
کە تایەکانیم لە خونچەی هێرۆ
دروست کردن و
لە گەراجی مناڵیما چۆنم ڕاگرتووە
هێشتا هەر وەک خۆیەتی و
سولفێکی خەیاڵ بەسە
ناوی عەشقی لێ بهێنم!!
ئاه .. دەنگێک بە خوڕ دایکردوە
بە لێزمە بە ڕۆحما دەبارێ
قەت قەت وەک ئێستا شەلاڵ نەبووم لە ژیان
کە دەمەوێ بڕۆم!
چۆن گوێ هەڵدەخەم
دنیا لە بانگ کردنێکی بەردەوام زیاتر نیە..
وەک چۆن درەخت تا سەر سەوزایی
ڕووت دەبێتەوە و
دەکەوێتە زیکر
لە ئاست دیدەنی (با) دا..
منیش تاسەر ئێسقان چاوگێڕانم دیارە و

**گوێ قوڵاخم!**
**دەنگێک بە خوڕ بەسەرما دەڕژێ**
**من .. کەنەفتکاری ناو جێگای کەساسی و**
**گیرخواردووی ناو پێچە زۆرەکانی جادەی ئەسەف**
**من .. هەمیشە لە پڕێکا سەر ڕێ کەوتوی بێ چەتر**
**ئەمجارەیان گۆرانیم**
**پیا دەچۆڕێتەوە..**
**ئەمجارەیان لە خۆوە**
**پشتی کۆم بووی پەرۆشیم**
**بۆ دەرکەوتنی گۆدۆیەک**
**ڕاست دەبێتەوە.**
**موعجیزەیەک لەم درەنگەوە**
**بە ژیانی مندا تێدەپەڕێ  بە ڕوو خۆشی بارانەکانیا بێت ،**
**لێم سوورە**
**بەڵێنی داوە بمبات لە گەڵ خوێ!**
**بە سرکی سوێسکەکانی دەرکەوتنیا بێت**
**دیارە تەرەی ناو ئاوەدانی و**
**بۆنی شەنگەبی و**
**تەرووی تەڕو بڕی دیوەکەی تری**
**شیو و یاڵەکانی خۆمی لێ دێت!**
**چەند کەیف سازم**
**کە ئێرەی ژیان جێ دەهێڵم و**
**ئیتر بیرەوەریم نابێتە حەماڵی بار و تفاقی شەڕ**
**ئیتر لە خەیاڵما تا ئەژنۆیەک پێم ڕۆ ناچێتە**
**ناو چڵکاوی فرت و فێڵەوە!!**
**ئیتر ڕێگاکان**
**لە ناسکی کازیوەکانەوە**
**ئیشیان بەس ئەوە نابێت**
**بمبەن بۆ دڵڕەقی و خوێن ساردی کارخانە...**
**ئیتر بەشم نابێت لە هەرەوەزی**
**نۆژەن کردنەوەی هەر ڕۆژەی سیاجەکان**

له بەینی دڵی خوشکەکانم و
کراوەیی دەرگاکان..
له بەینی یەکتر له ئامێزنانی
عەشق و ئینسان
ئینسان و خودا
له تاو وەحشەتەکانی تەنهایی..
له بەینی تینوێتی لێوی گوڵ و
ڕشێنه ماچی هەورێک
به خاتری نوسینەوەی جوانی!...
ئێی هاوسەفەر
من دنیات بۆ دەگەڕام و
کەچی تۆ کەوتیت بەسەر چارەنوسی مندا و
وەک چەمێک ڕەنگاڵه
قڵپ بویتەوە و
ڕژای!
ئێستا هەر دڵۆپێکت پەپولەیەکە و
باخێکمی بۆ ئەم سەفەره
له باڵەکانی بەستووە..
تۆ هاتی و .. ناسکیت
بەر قەدی تامەزرۆیی و
شەوقی خۆرنشینی من کەوت و
له حەژمەتا هێندە سوور هەڵگەڕای
گوڵه بێ ڕەنگ و ڕووەکانم
له ژێرڕاوە ،
دنیایەک ڕەنگی ئاڵ و والآیان
لێ چنیتەوە!
وا ئێستاش
من ژیانم کۆ کردۆتەوە و
دڵم پێچاوەتەوە و
سەفەرێکم له ڕێیه
که تۆی موعجیزە ،

**لێرەوە بە ئێستای مندا**
**بۆ فەتح کردنی هەموو پاشەڕۆژم**
**ڕەت دەبی و**
**لە چارەت نوسراوە**
**ڕۆحم بە ئامێزتەوە نێیت و**
**لە جۆلانەی چرپەکانتا ،**
**تا مردن ؛**
**ڕامژەنی!**